


# خەونەکانی پەیامبەرێك

## دەفتەری یەکەم: ئاوازەکانی دڵی پێغەمبەر

جبران خەلیل جبران

# خەونەکانی پەیامبەرێك


خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا
زنجیره
(٥٠٠)
ناونیشان: سلێمانی سەرەتای شەقامی
مەولەوی- فەرعی سەعید تەها کۆیی
07701575067-07501128388
Emil: chrachra85@yahoo.com
http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn



# خەونەکانی پەیامبەرێك

## دەفتەری یەکەم: ئاوازەکانی دڵی پێغەمبەر

جبران خەلیل جبران

وەرگێڕ بۆ کوردی: جەلیل عەباسی

*ناونیشان:*

ناوی کتێب: خەونەکانی پەیامبەرێك (عارفانە و عاشقانەکانی جوبران خەلیل جوبران)

دەفتەری یەکەم: ئاوازەکانی دڵی پێغەمبەر

نووسینی: جبران خەلیل جبران

وەرگێڕ: جەلیل عەباسی

پیتچنین و بەرگ: ئەدهەم عەباسی (ئەشا)


چاپ: یەکەم، ٢٠١٨

تیراژ: ٥٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەسپاردنی (     ) ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە.

*تێبینی:*

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ.



دەفتەری یەکەم:

# ئاوازەکانی دڵی پێغەمبەر

# خەونەكانی پەیامبەرێك

**من، ڕێبوارم.. من دەریاوانم**

**هەموو ڕۆژێك، کیشوەرێك لە ڕۆحی خۆمدا دەدۆزمەوە.**

*

بۆ تاهەتایە لەم لێوارانەدا هەنگاو دەنێم، لەناو لم و کەفی دەریادا.

شەپۆلێکی مەزن جێگە پێیەکانم پاك دەکاتەوە و (با)یش کەفەکە دەسڕێتەوە، بەڵام.. دەریا و لێوارەکانی، هەر بەجاویدانی دەمێننەوە.

*

رۆژێکیان ناو دەستم پڕم کرد لە تەمومژ.. کاتێ کردمەوە، تەمەکە ببوویە کرمێك.

دووبارە دەستم قووجاندو سەرلەنوێ کردمەوە، دیتم باڵندەیەك لەناو لەپی دەستمدایە..

دیسانەوە دەستم قوجاند و کردمەوە، لەناو لەپمدا، پیاوێك، بە نیگایەکی خەمبارەوە راوەستابوو و چاوی بڕیبوویە سەرەوە.

کە جارێکیدی قووجاندم و کردمەوە، هیچم تیایدا نەبینی جگە لە تەمومژ، بەڵام ئاوازێك کەوتە گوێم، بێئەندازە خۆش و دڵگیر.

*

هەر دوێنێ بوو، خۆم بە توخمێك دەزانی کە بە شێوەیەکی شپرزو ناڕێك بە ئاسمانی ژیانەوە دەلەرزێت.. ئێستا دەزانم کە من خۆم ئاسمانم و سەرجەم ژیان بە توخمگەلێکی مۆسیقاییەوە لە ناومدا دەخولێتەوە.

*

ئەوان، لە بێداریی خۆیاندا پێمدەڵێن: " تۆ و ئەو جیهانەش کە تیایدا دەژی، دەنکە لمێك زیاتر نیین.. دەنکە لمێك کە لە لێواری بێسنووری پاڵ دەریایەکی بێ بندا داکەوتووە".

*

تەنها یەکجار کڕ و بێدەنگ کەوتووم... ئەویش ئەوکاتە بوو کە یەکێك لێی پرسیم: " کێیت؟"

*

یەکەمین ئەندێشەی خواوەند (پەری)یەك بوو..

یەکەمین پەیڤی خواوەندیش (مرۆڤ)ێك.

*

هەزاران ساڵ پێش ئەوەی با و دەریا، وشەکان بخەنە سەرزارمان، ئێمە بوونەوەرێکی هەژار و سەرگەردان بووین..

نووکە، چۆن دەتوانین بە وشەگەلێك کە دوێنێ

فێریان بـووین، رابـردووی دوور و مێژینـەی خۆمـان راڤە بکەین؟

*

کاتــێ کــە تــۆ نــەبیت، مــن لەگــەڵ دڵــی خۆمــدا غەریبم.

*

ئەبولهۆل، تەنیا جارێك قسەی کرد، ئەو گوتی: " دەنکـــە لمێـــك، ســـەرجەم بیابانـــە و ســـەرجەم بیابــانیش، واتــە دەنکــە لمێــك.. ئێســتاش وەرن پێکەوە جارێکیدی بێدەنگی هەڵبژێرین."

مــن، قســەکەی ئــەبولهۆلم بیســت.. بــەڵام لــە واتاکەی تێنەگەیشتم.

*

رۆژێکیان چاوم بڕییە ژنێك..

لە سیمایدا هەرهەموو مناڵەکانیم بینین:

ئەوانـەی لـەدایك ببـوون و ئەوانـەش کـە هێشـتا نەهاتبوونە دنیا.

*

ژنێـــك، چـــاوی تێبڕیم..لـــە ســـیمامدا هـــەموو پێشینانمی بینی:

ئەوانەی کە پێش لەدایکبوونی ئەو، مردبوون.

*

ئێستا هەست بە کامەرانی دەکەم.. بـەڵام، چـۆن هەســـت بـــە کامـــەرانی بکـــەم، ئەگـــەر نەبمـــە هەسارەیەك، بوونەوەرە وشیار و زیندووەکان تێمدا بژین؟.. ئایا ئەمە، ئامانجی هەموو مرۆڤێك نییە؟

*

بانگم بکە.. دەنگت لە هەنگوێن شیرینترە.

*

من، دەنکە لمێکی وردم، کاتێ خواوەند خستمیە نـاو دەریاچـەوە، ئـاوی دەریاچـەکەم بـە چـەند

شەپۆلێکی بازنـەیی شـڵەژاند، کـاتێکیش گەیشـتمە بنی بنەوە، ئیدی ئارام و سوکناییم هات.

تۆ، بێدەنگیم بدەیە، من، شەو دێنمە هەژان.

*

ئەوکاتەی رۆح و جەستەم ئاشقی یەکـدی بـوون، دووبارە لەدایکبوومەوە.

*

پیاوێکم دەناسی، دوو گوێی تیژی هەبوون، بەڵام لاڵ بـوو، ئـەو، زمـانی خـۆی لـە جەنگـدا لـە دەستدابوو.

نووکە دەزانم ئەو پیاوە، پێش ئەوەی بگاتە ئەم بێدەنگییـە مەزنـە، لـە کامـە جەنگانـەدا بەشـداریی کردبـوو.. خۆشـحاڵم بـە مردنـی.. ئـەم جیهانـە بـۆ هـەردووکمان، (مـن و ئـەو) بـە رێـژەی پێویسـت جێگای نییە.

*

سالّیان و سەدەها، ئارام و بێخەبەر لە تێپەڕبوونی وەرزەکان، لە خاکی میسردا نووستم.. ئینجا هەتاو هێنامیە دنیا، هەستام و لە لێوارەکانی (نیل)دا پیاسەم کرد. بە رۆژ، گۆرانیم دەگوت و بەشەویش خەونم دەدی..،

ئێستا، هەتاو، بە هەزاران قاچەوە بە سەرمدا دەڕوات تا دووبارە لە خاکی میسردا بمخەوێنێ.. ئا..ە، ئەمە چ مەتەڵێکە.. هەتاوێك کە منی کۆکردۆتەوە، ناتوانێ بمپژێنێ.. هێشتاش بەقامەتێکی ڕاست وەستاوم و بەهەنگاوی پتەو لەلێوارەکانی نیلدا پیاسە دەکەم.

*

وەبیرهێنانەوە، جۆرێکە لەدیدار،

لەبیرکردنیش جۆرێکە لەئازادی.

*

ئێمە تێپەڕ بوونی زەمەن بەپێوەری سووڕانی هەتاو دەپێوین، ئەوانیش بەدەزگایەکی بچووك کەلەگیرفانیاندایە.. کەواتە پێم بڵێ، ئێمە و ئەوان چۆن دەتوانین لەیەك زەمەن و لەیەك شوێندا پێك بگەین و پێکەوە دیدار بکەین.

*

بۆئەو کەسەی کەلەپەنجەرەی کاکەشانەوە دەڕوانێتە خوارەوە، ئیدی بۆشایی شتێك نیەلە نێوان زەمین و هەتاودا.

*

مرۆڤایەتی، رووبارێکی ڕۆشناییە کەلە جاویدانیی رابردووەوە بۆتە ڕێبواری جاویدانی و زیندوێتی تاهەتایی.

*

ئایا ئەو ڕۆحگەلەی کە نیشتەجێی بەرزاییە پیرۆزەکانن، بەغیلی نابەن بەدەرد و رەنج و ئازاری مرۆڤەکانی سەرزەمین؟..

ئارەزووی هەندێ لەچێژەکان، بەشێکە لەئازاری من.

*

سەفەری شارێکی پیرۆزم دەکرد، لەرێگادا گەیشتمە زیارەتکەرێکی دیکە و لێمپرسی: "ئایا ئەم رێگایە رێگای شاری پیرۆزە؟" ئەو گوتی: "دوام کەوە، شەو و رۆژێکی دیکە دەگەینە شاری پیرۆز" دوای کەوتم.. شەوان و رۆژانێکی زۆر تێپەڕبوون و ئێمە هێشتا هەر بەرێگاوە بووین.

ئەوەی کە جێی سەرسوورمان بوو تووڕەییەکەی ئەو بوو لەمن، ئەویش چونکە بەرێگەیەکی هەڵەدا بردبوومی.

*

خوایە، پێش ئەوەی کەروێشکێك بکەیتە نێچیری من، من بکەرە نێچیری شێرێك.

*

مرۆڤ هەرگیز ناگاتە بەرەبەیان، مەگـەر لەڕێگـەی (شەو)ەوە.

*

خانووەکـەم پێمـدەڵێ: (جـێم مەهێڵـە.. چـونکە رابردووت تیامدا سووکنای گرتووە).

جادە پێمدەڵێ: (وەرە، شوێنی من بگرە و بـڕۆ، چونکە من هەمان ئایندەتم.)

منیش بەخانوو و بەجادەش دەڵێم: (من ڕابـردوو و ئایندەیەکیشم نیەو ئەگـەر لێـرە بمێنمـەوە، لـەم مانەوەیەمدا ڕۆیشـتنێك هەیـە و ئەگـەر بشـڕۆم، لـە ڕۆیشــتنەکەمدا مانەوەیــەك).. هەرتــەنها ئەشــق و مەرگ دەتوانن هەموو شتێك بگۆڕن.

*

چــۆن دەتــوانم بــڕوای خــۆم بەعەدالــەتی ژیــان لەدەست بدەم؟، کاتێ دەبیـنم خـەونی ئەوانـەی وا بەســەر دۆشــەکی ئاورێشــمینەوە دەنــوون، هــیچ

خۆشـتر نیـە لـەهی ئەوکەسـانەی کـەخاك و بـەردی ڕەق سەرین و پێخەفیانە.

*

حەوتجار لەڕۆحی خۆم بێزار بووم:

جاری یەکەم، ئەو کاتە بووکە ئەو، خـۆی زەلیـل کرد بۆئەوەی بەرز ببێتەوە،

جـاری دووەم، کاتێـك بووکــە ئــەو، لەبەرانبــەر چاوی نابینایەکاندا جرِت و فرِتی دەکرد،

جاری سێیەم، ئەو کاتە بوو کـە ئـەویان لـەنێوان هەڵبـژاردنی دوو لایـەنی ئاسـان و ئاسـتەمدا کـردە سەرپشك، ئەو، لایەنی ئاسانی هەڵبژارد،

جــاری چــوارەم، کاتێــك بووکــە ئــەو، تووشــی هەڵەیــەك هــات و بەهێنانــەوەی پاســاوی (خــۆ دیترانیش تووشی هەڵە دەبن) خۆی پەڕاندەوە،

جاری پێنجەم، ئەو کاتە بـوو کەبـەهۆی لاوازی و کەمدەسـەڵاتیەوە سـەری داخسـت کەچـی سـەر

داخستنەکەی خۆی گەڕاندەوە بۆ هووشەی بەهێزی و بەدەسەلاتیی خۆی، جاری شەشەم، ڕۆژێك کەگاڵتەی بەدەمووچاوێکی ناشیرین کرد و نەیزانی کەئەو دەموچاوە ناشیرینە یەکێکە لەدەمامکەکانی خۆی، جاری حەوتەمیش، ئەوکاتە بوو کەشیعرێکی بۆ پیاهەڵدان هۆنیەوە و ئەو پیاهەڵدانەشی وەکوو فەزیلەتی خۆی پێناسە کرد.

*

تۆ (گوێ)یەك بدەرە من، منیش گۆرانیەکت بۆ دەچڕم.

*

من لەمەڕ هەقیقەتی موتڵەق، هیچ نازانم.. بەلام دانی پێدا دەنێم و نەزانیەکەم ناشارمەوە، هەرهەموو پاداشت و شانازیی من لەهەمان ئەم ڕۆحسووکی و خاکەساریەمدا دەبینرێتەوە.

*

خەرەنـدێکی یـەکجار بـەرز لـەنێوان ئاواتـەکانی مــرۆڤ و ڕاســتیەکاندایە، تــەنیا بــەهۆی حــەز و ئەشـــقەوەیە کـــەدەکرێ پردێـــك بەســـەر ئـــەو خەرەندەوە ببەسترێت.

*

بەهەشت لەپشتەوەی دەرگـایماڵەوەیـە، بـەڵام من کلیلی دەرگاکەم ون کردووە.

*

تـۆ ، کـوێر و، منـیش کـەڕولاڵ.. وەرە دەسـتی یەکدی بگرین تا بەمچەشنە لێکتر تێبگەین.

*

نرخ و بایەخی مرۆڤ بەو شتانەوە نیە کەهەیەتی، بەڵکوو بەستراوە بەئارەزووەکانیەوە.

*

ئێمەی مرۆڤ چەندجۆرێکین:

هەندێکمان وەکوو مرەکەب واین، هەندێك وەکوو قاقەزین و هەندێکیشمان وەکوو پێنووسین.

*

ئەگەر لەبەر ڕەشێتیی هەندێ لەئێمەی مرۆڤ نەبوایە، هەندێکیدی لاڵ دەبوون... ئەگەر لەبەر سپێتیی هەندێکیشمان نەبوایە، هەندێکیدیکەش کوێر دەبوون.

*

ئەقڵی ئێمە وەکوو ئیسفەنجە و دڵیشمان وەکوو جۆبارە، بێهۆ نیە کەهەندێ لەئێمە حەزدەکەین هەڵمژین و حەز ناکەین بە جۆبارەکاندا بڕۆین.

*

کاتێ دڵت بۆ ئەو شتانە لێدەدا کە ناویان نیە.. کاتێ بەبێ هۆ خەمبار دەبیت، ئیدی ئەو کاتە

وێڕای هەر زیندەوەرێك نەشونما دەكەیت و بەرەو خودی بەرز و هێژات بلّند دەبیەوە.

*

كاتێ نیگایەك سەرخۆش و مەستت دەكات، ئەوا وەسفی ئەو نیگایە، دەبێتە شەرابی ئالّی تۆ.

*

تۆ شەراب دەنۆشی تا مەست و سەرخۆش بیت.. من دەینۆشم تاسەرخۆشی و مەستی لەكەللەمدا نەمێنێ!

*

كەتواری ئێمە خامۆش و بێدەنگە و درۆ و ناڕاستییەكەشمان دەمشڕ و زۆربلّێیە.

*

كاتێ پیالّەكەم بەتالّ بێت وەریدەگرم.. بەلاّم گەر نیوەی بەتالّ بوو، ئەوا نارەزامەندیم لەمەڕ ئەو

نیوە بەتاڵە دەردەبڕم.

*

کـــەتواری مرۆڤـــەکان، لـــەو شـــتەدا نیـــە کـــە دەینـــوێنن، بـــەڵکوو لـــەو شـــتەدایە کەدەیشـــارنەوە. کەواتە گەر دەتەوێ بیاننناسیت، گوێ مەدەیـە ئـەو شتەی کـەدەیلێن.. هـەوڵی بیـنین و بیسـتنی ئـەوە بدە کەدەری نابڕن و پیشانی نادەن.

*

نیوەی ئەو شتەی کەدەیلێم، بێ واتایـە.. بـەڵام مـن ئـەو نیـوە بێواتایـە دەڵـێم، تـابتوانم نیـوە پـڕ واتاکەی دیکە بەگوێی تۆدا بچرپێنم.

*

تـــەنیایی مـــن ئـــەو کاتـــە لـــەدایکبوو، کەجـــەماوەر ستایشی زۆربلێیی و دەمشڕیە پـڕ هەڵـەکانیان کـردم و فەزیلەت و پاکییە شاراوەکانیشیان سەرزەنشت کردم.

*

تەنانەت درۆکانیشتم خۆشدەوێن، نازەنین!

*

ژیـــان، ئەگـــەر گۆرانیبێـــژێکی نەدۆزیـــەوە کەگۆرانیـەکانی خـۆی لەڕێگـەی گـەرووی ئـەوەوە بچـریکێنێ، ئــەوا فەیلەســووفێك دەدۆزێتــەوە تــا بەهۆی زمـانی ئـەوەوە هـزر و ئەندێشـەکانی خـۆی دەربڕێت.

*

کەتوار، شـتێکە کـە هەمیشـە دەبـێ بناسـرێت و دەرکی پێبکرێت، بەڵام تـەنیا جاربـەجارێك بـەزاردا بێت.

*

دەنگی ئەو ژیانەی کە لەمندایە، ناگاتە گوێی ئەو ژیانەی کە لەتۆدایە، بەڵام، لەگەڵ ئەمەشـدا وەرە؟ پێکەوە قسە بکەین تاهەست بەتەنیایی نەکەین.

*

كاتێ دوو ژن پێكـەوە قسـە دەكـەن، ئـەوە هـیچ نالێن، بەڵام كاتێ ژنێك بەتەنیا قسـە دەكـات، ئـەوا پەردە لەسەر هەموو ژیان هەڵدەداتەوە.

*

(بۆق)ەكان دەنگێكی دلێرتریـان هەیـە لـە (گـا)، بەڵام ئەوان ناتوانن جووت و گێرە بكەن و چـەرخی بـژێوت هەڵسـووڕێنن.. ناشـتوانی لەپێسـتەكەیان پێڵاو دروست بكەیت.

*

هەرتەنیا مرۆڤی لاڵ بـەغیلی بـەپیاوێكی زۆربلـێ دەبات.

*

ئەگەر زستان بڵێت: (بەهار لـە هـەناوی مندایـە)، كێ بڕوای پێدەكات؟

*

هەر تۆوێك كە دەیچێنین، تۆوی هەمان شەوق و حەزی خۆمانە.

*

ئەگەر چاوەكانت بكەیتەوە و هەر بەڕاستی ببینی، ئەوا سیمای خۆت لە هەموو سیما و دەمووچاوەكاندا دەبینیتەوە..

ئەگەر گوێی خۆت بكەیتەوە و هەر بەڕاستی ببیستی، ئەوا دەنگی خۆت لەنێو هەموو دەنگەكاندا دەبیسیتەوە.

*

كەشف و دۆزینەوەی هەقیقەت، پێویستیی بە هەردووكمان هەیە: یەكێكمان بۆ دەربڕكردنی و ئەویدیشمان بۆ تێگەیشتنی.

*

گەرچی شەپۆلی پەیڤەكان هەمیشە لە رووكارماندا دەخرۆشێن، بەڵام قووڵایی ئێمە

هەمیشە خامۆش و بێدەنگە.

زۆرربەی تیۆریەکان وەکوو چوارچێوەی پەنجەرەیەکن.. ئێمە، لەڕێگەی ئەوانەوە ڕاستیەکان دەبینین، بەڵام لەهەمانحاڵدا ئەوان دەبنە بەربەستێکیش لەنێوان ئێمە و ڕاستیەکاندا.

*

ئەگەر لە دڵمدا خۆت بشاریتەوە، دۆزینەوەت زۆر ئاستەم نابێت، بەڵام ئەگەر لە قۆزاغەی خۆتدا پەنهان ببیت، گەڕان بۆ دۆزینەوەت کارێکی بێسوود و بێهوودەیە.

*

ژن، دەتوانێ بە تاقە بزەیەك روخساری خۆی داپۆشێت!

*

چــەندە مــەزن و شــەریفە ئــەو دڵــە خــەمبارەی، کەوێڕای دڵە شادەکانیدی گۆرانی دەچڕێت.

*

هەموو ئەژدیهایـەك، خـۆی بکـوژێ خـۆی دێنێتـە دونیا.

*

من، لەگەڵ هــەموو ئەوانــەدا کەبەهــەنگاوی پتــەو بەڕێکەوتوون، دەڕۆم.. من هیچکات لەگەڵ ئەوانەی کە وشك وەستاون، ناوەستم و نامێنمەوە.

*

تۆ، زێڕ بەو کەسە قەرزاری کە خزمەتت دەکـات، بەشێك لە دڵی خۆتی بدەرێ.

*

درەختــەکان، ئــەو شــیعرانەن کــە زەوی، بەســەر پەڕەی ئاسمانەوە نووسیونی.. ئێمە، دەیانبڕینەوە

و دەیانکەینە کاغەز تا قسە پووچەکانی خۆمانیان تێدا بنوسینەوە !

*

فکری شاعیر و کلکی دووپشك هەرلەیەك خاکدا سەریانهەڵداوە.. نا.. ئێمە بێهوودە نەژیاوین.. ئایا ئەوان، قەڵایان لە ئێسك و پروسکی ئێمە بنیات نەناوە ؟ !

*

حەزدەکەی شت بنووسیت؟.. کەواتە دەبێ خاوەنی سێ بەهرە بی: ئاگایی و هونەر و سیحر.. ئاگایی و شارەزایی لە مۆسیقای وشەکان، هونەری بێ هونەری و سیحری خۆشویستنی خوێنەرەکانت.

*

هەست، هەمیشە گۆرانی دەڵێت.. هیچکات شەرح و ڕاڤە ناکات.

*

ئەوان، پێنووسەکانی خۆیان بەخوێنی ئێمە پڕ کردووە و واش دەزانن خاوەن هەستن.

*

ئەگەر درەختێك بیتوانیبا سەربردەی خۆی بنوسێتەوە، بێگومان سەرگوزەشتەکەی لە مێژووی گەلێك دەچوو.

*

شیعر، دەربڕینی بیروڕا نیە، بەڵکوو گۆرانییەکە و لەزامێکی تازەوە هەڵدەقوڵێت یا لەگەروویەکی شادەوە دێتەدەر.

*

وشەکان زەمەنیان نیە، ، کاتێ دەریان دەبڕیت یانخود دەیاننوسیتەوە، بێ زەمەنییەکەیان لەبیرمەکە.

*

شـاعیر، پاشـایەکی دەرکـراوە، بەسـەر وێرانـەی کۆشکەکەیەوە دانیشتوە و هەوڵی ئـەوە دەدات لـە زیهنی خۆیدا وێنەیەکی لێ بگرێت.

*

شـیعر، زادەی شـەوق و سەرمەسـتی و رەنـج و سەرسوڕمانە.. ئەو کەسـەی خـاوەنی ئەمانـە نیـە، لەگەڵ شیعردا نامۆیە.

*

گەڕانی شاعیر بۆ دۆزینەوەی دایك و سەرچـاوەی گۆرانیەکانی ناخی خۆی، گەڕانێکی بێهوودەیە.

*

جارێکیان بە شاعیرێکم گوت: (ئێمە، تازیندوویت نرخت نازانین).. پێکـەنی و گـوتی: (وایـە.. مـردن، هەمیشە پـەردەکان لادەداتـەوە.. ئەگـەر بەڕاسـتی خوازیـاری ناسـینی منـی، دەبـێ پێـت بڵـێم، گـەلێ لەوەی کە گوتوومە و نووسیومە، زۆرترم لەدڵدایە..

من، لەئارەزووەکانمدا شتی زۆرترم هەیە لەوەی کە تۆ بەدەستمەوە دەیبینی.

*

تەنانەت گەر لەقووڵایی بیابانیشدا بیت و گـۆرانی بۆ جوانی و چاکە و پاکی بلێییت، بەو گۆرانیەت دڵی زۆر کەس دەڕفێنی.

*

شـــیعر، هـــەمان زاناییـــە کەســـروودەکانی دڵ ئەڵێتەوە...

زانایی، هەمان شیعرە کەباسی ئاوەز دەکات..

ئەگەر بمانتوانیبا گۆرانیـەکانی دڵ و پەیڤـەکانی ئـاوەز، پێکـەوە بخەینـە سـەرزارمان و دەربڕیـان کـــەین، ئـــەو کـــات لەســـایەی خواوەنـــددا دەحەساینەوە.

*

ئێمە، زۆر جار لایەلایە بۆ منداڵەکانمان دەکـەین، تا خۆمان بخەوێنین.

*

قسەکانی ئێمـە، ئـەو وردکەنانـەن کەلـە سـفرە و خوانی دڵمانەوە دەڕژێنە سەرزەوی.

*

هەر بە تەنێ خـەمی گـەورە و دڵخۆشـیی گـەورە دەتوانن پەی بەنرخی ڕاستی بەرن.. گـەر دەتـەوێ هەوری بارانـاویی ئیلـهام بەسـەرتدا بباریێت، دەبـێ بەڕووتی لەبەر باران سەما بکەیت، یا خاچەکەت بە کۆڵ بگێڕی.

*

چـۆن بـانگ دەکـەیت، ئەگـەر دەمـت پڕبـێ لـەخواردن؟ چـۆن دەسـتت بـەمیهرەبانی بـەرز دەکەیتەوە، ئەگەر پڕبێ لەزێڕ؟.

*

قاچی شیعر، هەمیشە لەبەردی هزر دەگیرێ.

*

خوێنەری گەورە ئەو کەسەیە کە گۆرانیەکانی ناو بێدەنگیی ئێمە دەخوێنێتەوە.

*

هیچ ئارەزوویەك نیە نەیەتە دی.

*

بلیمەتی و هەڵکەوتەیی، چریکەی قومریە، کە لەگەڵ گەیشتنی بەهاردا دەبیسترێ.

*

تەنانەت باڵدارترین رۆحیش ناتوانێ لەیاسا داسەپاوەکانی جەستە، خۆی بدزێتەوە و هەڵبێت.

*

ئەو گۆرانیەی کە لەدڵی دایکدا دەمێنێتەوە و دەربڕ ناکرێت، ڕۆژێ لەڕۆژان، دەڕژێتە سەر لێوی

منداڵەکەی.

*

ئەشق، پەردەیەکە لەنێوان دوو ئەویندارردا.

*

تەنانەت شێتیش دڵ و گیانێکی مۆسیقایی هەیە، هەر ئەوەندەیە، ئەو سازێك دەژەنێ کە تۆزێك ناسازە.

*

هیچکات لەگەڵ (خود)ی دیکەمدا هاوڕا نەبووم.. هەقیقەت، شتێك بووە لەنێوان ئێمەدا.

*

لەنێوان جەستە و ڕۆحدا هیچ ناکۆکیەك نیە، مەگەر لەمێشکی ئەو کەسانەدا کەڕۆحیان نوستووە و جەستەیان ناسازە،

*

کاتـێ بگەیتـە قـووڵایی ژیـان، ئیـدی جـوانی لەهـەموو شـتێکدا دەبینیتـەوە، تەنانـەت لـەو چاوانەشدا کەلە ئاستی جوانیدا کوێرن.

*

ئێمە، بۆ ئـەوە دەژیـن کـە جـوانی بدۆزینـەوە.. ئەویدی هەر هەمووی، کات بەفیڕۆدانە.

*

تـۆ، تۆوێـك بچـێنە، زەمـین گوڵێکـت پێشـکەش دەکـات.. ئارەزووەکانـت بکـەرە ئاسمـانی، ئاسمانیش دڵدارەکەت دەگەیەنێتە لات.

*

شەیتان، هەر ئەو ڕۆژە مرد کـەتۆ لـەدایکبوویت، ئێستا ئیدی پێویست ناکات بـۆ دیتنـی فریشـتەیەك بەدۆزەخدا تێپەڕی.

*

ئەگـــەر دەتـــەوێ ببیتـــە خاوەنـــدار، نابـــێ داوا بکەیت.

*

جـــوانترین جلوبـــەرگی تـــۆ دووراوی دەســـتێکی دیکەن..

بەتامترین خۆراکەکانت بەسـەر خـوانی کەسـێکی دیکەوە دەخۆیت..

نـەرمترین پێخـەفت لـەماڵی دیترانـدا دەسـتەبەر دەکەیت..

دەپێمبڵـــێ: چـــۆن خـــۆت لـــەدیتران جیـــاواز دەزانی؟!

*

ئەقڵی تۆ و دڵی من ئەوکاتە پێکدێن، کە ئـەقڵی تـــۆ لـــەژمارە و ڕەقـــەم و دڵـــی منـــیش لەتەمومـــژ ڕزگاریان بووبێت.

*

ئێمــە، هیچــکات لەیەکــدی تێناگــەین، مەگــەر زمانمان کورت بکەینەوە بۆ سنووری حەوت وشە.

*

ئەگەر دڵم نەشکێت.. ئەی چۆن ئازاد دەبێت؟

*

ئەگــەر پشــت بکەیتــە هــەتاو، ئــەوا بەتــەنیا هــەر سێبەرەکەی خۆت دەبینی.

*

ئەگــەر سروشــت قەناعــەتی بکردبــا، ئیــدی هــیچ ڕووبارێــك بــەرەو دەریــا بــەڕێ نەدەکــەوت و هــیچ زســتانێك نەدەگەیشــتە بــەهار.. ئەگــەر سروشــت دەســت بــڵاو نــەبووبا، ئایــا چــەند کــەس لەئێمــە دەمانتوانی لەهەوادا هەناسە بدەین؟!

*

ئێمــه هــەمووماندەرۆزە کــەرێکین کــه لەبــەر دەرکــی پەرســتگەدا وەســتاوین، هــەرکامێکمان دەچـینه نـاوەوە، بەخششـێك لەدەسـتی یـەزدان وەردەگـرین، لەگـەڵ ئەمەشـدا بـەغیلی بەیەکـدی دەبـەین، هەربۆیـەش نـاتوانین وەکـوو پێویسـت سوپاسی یەزدان بکەین.

*

ناتوانی زۆرتـر لەئیشـتیای خـۆت بخۆیـت.. لەتـە نانەکــەی تــر، هــی کەســێکی دیکەیــە.. لــەتێك لەنانەکەت هەڵگرە بۆ ئەو میوانەی ناوەخت و ناکاو دەگاتێ.

*

گـورگێکی درنـدە بـە بەرخۆلەیـەکی بچـکۆلەی گوت: (تەشریف بهێنە ماڵمان و بەهاتننتان گەورە و سەرفرازمان بکە)..

بەرخۆلەکەش گوتـی: (هاتن بۆ ماڵی ئێوە بۆ مـن

شـانازی دەبـوو، ئەگـەر ماڵەکـەتان لـەناو سـکتاندا نەبوایە!)

*

میوانەکەمم هەرلەبەر دەرگاکە ڕاگرت و پێمگوت: (کاتێ کەدێیتە ماڵی من، پێڵاوەکانت مەسڕە، بەڵام کەچوویتە دەر ئەو کارە بکە).

*

دڵاوایی ئەوەنیە، شتێك بدەیتـە مـن کـەزۆر لـەتۆ پێی موحتاجترم، دڵاوایی ئەوەیەکە شتێکم بدەیتێ کەخۆت پێویستت پێیەتی.

*

سـەڕاف (پـارە فرۆشـەکان)، هیچـکات نابنـە باغەوانێکی چاك.

*

ئێمە لە (سبەینێ) قەرز دەکەین تا قەرزی (دوێنێ)ی پێ بدەینەوە.

*

کاتێ شتێك دەبەخشیت، ڕووی خۆت وەرگێڕە، نەوەك شەرمەزاریی وەرگرەکە ببینی.

*

جیاوازی لەنێوان دەوڵەمەندترین و هەژارترین کەس، تەنیا لەڕۆژێك برسێتی و کاتژمێرێك تینوێتیدایە.

*

فریوکار، گەرچی سەردەکەوێت.. بەڵام سەرەنجام ڕۆحی خۆی دەکوژێ.

*

زۆرجار شەیتان و فریشتەکانیش دێنە دیتنم، بەڵام هەموو جارێك لێیان هەڵدێم..

کاتێ فریشتەیەك دێتە لام، نوێژەکەم هێندە درێژ دەکەمەوە تا ئەو ماندوو دەبێت و دەڕوات..

کـاتیبێکیش شـەیتانێك دێتـە دیـدەنیم، تووشـی تاوانێکی گەورە دەبێتەوە، کەشـەرم دایـدەگرێت و هەڵدێ.

*

کاتـێ داوای ماسـی لەیـەکێك دەکـەیت و ئـەو مارێکـت دەداتـێ، وایـدانێ جگـە لـەو مـارە هیچیدیکەی بۆ بەخشـین نیـە.. پێشکەشییەکەی بەنیشانەی دڵاوایی ئەو بزانە.

*

گەرچی ئەم زیندانە زۆریش خراپ نیە، بـەڵام مـن ڕقـم لـەو دیوارەیـە کەکەوتۆتـە نێـوان مـن و زیندانیەکـەی پاڵدەسـتم.. لەگـەڵ ئەمەشـدا سـەرکۆنەی بنیاتنـەری زیندان و زیندانوانـەکانیش ناکەم.

*

تۆ، ئەو کاتە دڵاوایت کە: لەو بکوژانە ببوری کە کەسیان نەکوشتووە، لەو دزە ببوری کەهیچی نەدزیوە، لەو درۆزنە خۆش بیت کە هیچ درۆیەکی نەرکردووە، گەر واتکرد، ئەوا دەکرێ بڵێین کەبەڕاستی تۆ دڵاوا و لێبووردەیت.

*

ئەو کەسەی بتوانێ پەنجەی بخاتە سەر ئەو هێڵەی کە چاك و خراپ لێکجیا بکاتەوە، ئەوا دەتوانێ گۆشەی بەرماڵەکەی خواوەند بگرێتە دەستەوە.

*

کاتێ دڵت گڕکانێکە، ئیدی چۆن دەتوانی چاوەڕێی ڕوانی گوڵە وەنەوشەیەك بیت لەبەر دەرکەکەیدا.

*

زۆرجـــار فریویـــان داوم (خەڵەتانـــدوومیان)..
هەمیشەیش لەدڵەوە پێکەنیوم و ڕۆیشتووم.

*

وەی بەحاڵی ئەو هـەڵاتوەی کـە ڕۆڵـی یاسـاوڵ و پاسەوان بگێڕێت.

*

ئەگـــەر کەســێك، دەســـتە پیســـەکانی خـــۆی بەجلـــەکانی تـــۆ ســـڕییەوە، جلـــەکانتی بـــدەرێ.. لەوانەیە جارێکی دیکەش پێویستی پێیـان هـەبێت، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە تـۆ هیچکات پێویسـتت پێیـان نابێت.

*

مـــن، هەڵـــەکانی تـــۆم لەگـــەورەیی نواندنـــە درۆیینەکانت خۆشتر دەوێن، چونکە ڕاستەقینەن و لەهەڵەکانی خودی خۆم دەچن.

*

ژیان، سرپێکە.. شکۆدار و هەرگیز نەناسراو.

*

زۆرجار تاوانگەلێکم داونەتە پاڵ خۆم کە هـەرگیز ئەنجامم نـەداون.. ئـەم کارەشـم تـەنیا و تـەنیا بـۆ دڵخۆشیی هاوڕێ و هاونشینە چارە ڕەشەکەی خۆم کردووە.

*

ڕەنگە بەپێی ئەو زانیاریانەی لەمەڕ خۆت هەتـە، سـەبارەت بـەدیترانیش داوەری بکـەیت.. باشـە پێمبڵێ: کامەمان تاوانبار و کامەمان بێتاوانین؟

*

دادگەر ئەو کەسەیە، بەشـێك لـەباری تاوانـەکانی تۆ لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

*

هەرتـەنیا گەمژەیـەك و زانایـەك دەتـوانن یاسـا مرۆڤایەتیـەكان بشـكێنن.. ئـەم دووانـە نـزیكترین كەسن بەئاستانی خواوەند.

*

تـەنها ئـەو كاتـە خێـرا و گورجوگـۆڵ دەبـی، كەكەسێك راوت بنێ و بەدواتەوەبێ.

*

خوایە، من دوژمنێكم نییە.. خوایە، ئەگەر بڕیارە دوژمـنم هـەبێت، تـۆ زاتـی خـۆت بـا هێـز و دەسـەڵاتەكەی لەگـەڵ هێـز و دەسـەڵاتی خۆمـدا بەرامبەر بێت.. حەز دەكـەم لـەنێوان مـن و ئـەودا، هەر تەنیا ڕاستی سەربكەوێت.

*

تۆیش و دوژمنەكەیشـت، هـەردووكتان دەمـرن.. زانینـی ئـەم ڕاسـتییەش دەبـێ ببێتـە هۆكارێـك تـا لەگەڵ دوژمنەكەشتدا دڵنەرم و میهرەبان بیت.

*

مرۆڤ، لەوانەیە لەكاتی بەرگریكردن لە خۆیدا، خۆی بكوژێت.

*

ئەگەر ئەوەی لەمەڕ چاكە و خراپە دەیڵێن، هەمووی ڕاست بێت، ئەوا ژیانی من تاوانێكی دوورودرێژ بووە.

*

بەزەیی، تەنیا نیوەی دادگەرییە.

*

لەسەردەمانی ڕابردوودا، پیاوێك هەبوو كە لە خاچیاندا، چونكە گەلێ خوێن شیرین و دڵنەرم و میهرەبان بوو..

سەرت سووڕ دەمێنێ گەر بڵێم: دوێنێ سێجار چاوم پێكەوت، یەكەمجار، لەپۆلیس دەپاڕایەوە، ئەو سۆزانییە بەر بدات، كە دەست گیری كردبوو..

جـاری دووەم، لەگــەڵ بەرەڵڵایەکــدا شــەرابی دەخــواردەوە و، ســێیەمینیش، شــەڕی لەگــەڵ زانایـەکی ریاکـاردا دەکـرد، مـن هەرسـێ جارەکـە روخساری ئەو لەخاچ دراوەم لەهەرسـێ کەسـەکەدا ناسیەوە.

*

تەنها کەسـێ سـتەمی لـەمن کـرد، کـەمن پێشـتر ستەمم لەبراکەی کردبوو.

*

هەرکات بینیـت پیاوێك بـەرەو زینـدان پـەلکێش دەکەن، لەدڵی خۆتدا وای لێکبدەوە کە: (لەوانەیـە ئـەو پیـاوە لەزینـدانێکی بچـووك بـەرەو زینـدانێکی گـەورە هەڵـدێت).. ئەگـەر پیـاوێکی سەرخۆشـت بینی، لەدڵی خۆتـدا بڵـێ: (ڕەنگـە ئـەو لـە شـتێکی خراپ و ناحەزتر هەڵبێت بەرەو سەرخۆشی).

*

شکســـــتی مرۆڤێکـــــی شــــەرمن، زۆر باشـــــترە لەسەرکەوتنی کابرایەکی بێ حەیا.

*

زۆرجــار، کــاتی بــەرگریکردن لــەخۆم، بێــزاریم دەربڕیــوە.. بــەڵام ئەگــەر بــەهێز بوومایــە، ئــەوا هیچکات بێزاریم دەر نەدەبڕی.

*

چــەندە گەمژەیــە ئــەو کەســەی کــەئاگری ڕق و نەفرەت لە نیگایـدا هەڵدەکات، کەچـی بزەیـەکیش دەخاتە سەر لێو.

*

تەنها ئەو کەسانە بەغیلیم پێدەبەن و ڕقیـان لـێم دەبێتـــەوە، کەکـــەمترن لـــەخۆم، مـــن، هیچـــکات نەکەوتوومەتە بەر نـەفرەت و ئێرەیـی هیچـکەس.. تەنها ئەو کەسـانەی کەلـە خـۆم بـەرزترن ستایشـم دەکـەن یـانخود گاڵتـەم پێدەکـەن.. مـن، هیچـکات

لەکەس کەمتر نەبووم.

*

پێمـدەڵێی: (تێـت ناگـەم)، بەمچەشـنەش پـتر لەشایسـتەییم ستایشـم دەکـەیت و خۆیشـت لەڕادەبەدەر بچووك دەکەیتەوە.

*

چـەندە بچـووك دەبم ئەگـەر، ژیـان زێـڕم پـێ ببەخشێت و منیش زیو ببەخشمەوە.

*

سەرم سووڕ دەمێنـێ، تـۆ بـەزەییت بەکەسێکی ئیفلیجدا دێتەوە، کەچی ئـەو کەسـە لـەبیر دەکـەی کەزیهنێکی ئالوودەی هەیـە.. ئـەوە کـوێر دڵـەکانن کەشـیاوی بـەزەیی و زك پـێ سـووتانن نـەك نابینایەکان.

*

کاتێ گەیشتیتە قوڵایی ژیان، دەبینی کە نە لەتاوانباران بەرزتریت و نەش لەپێغەمبەرەکان نزمتری.

*

ژیرانەترین کار بۆ کەم ئەندامێك، هەر ئەوەیەکە دارعاساکەی بن باڵی نەکێشێتە سەر دوژمنەکەیدا.

*

ڕق و نەفرەت مردووە.. ئایا تۆ دەتەوێ ببیە گۆڕی؟!

*

ژیان (ریز)ێکی دوورودرێژە.. ئەوکەسەی کەهەنگاوەکانی خاون، بەرەو پێش چوونەکەی بەپەلە تێدەگات و لێی دەردەچێ، (دەچێتە دەرەوە) ئەوەش کە هەنگاوی توند و گورج و گۆڵ دەنێت، جووڵانەوە و ڕۆیشتنەکەی بەهێواش دەزانێت، ئەویش هەر لێی دەردەچێت.

*

ئەگەر شتێك بەناوی تاوان بوونی هەبێت، هەندێك لەئێمـە، بەگەڕانـەوە بـۆ ژیـانی ڕابـردوو و (پـێ) خستنە جێگـە پێـی پێشـینانی خۆمـان، تووشـی دەبـین.. هەندێکیشـمان بـە سـەخت گـیری لەمـەڕ جیلی ئایندەمان دوچاری دەبین.

*

مرۆڤـی چـاك ئـەو کەسـەیە، کـەخۆی لەگـەڵ سەرجەم پیاو خراپەکانی جیهانـدا وەك یـەك سـەیر دەکات.

*

ئێمـــە هـــەموومان زینـــدانیین، هەنـــدێکمان لەزینـــدانێکی پەنجـــەرەدارداین و هەندێکیشـــمان لەزیندانی بێ پەنجەرەدا.

*

ئەگەر دانمان بەتاوانەکانماندا بنابایە بۆ یەکدی، هەرهەمووومان لەبچووکی و بێ نرخیی تاوانـەکانمان

دەکەوتینە پێکەنین.. هەروا کارە چاکەکانیشمان هەر گاڵتە جاڕانەن.

*

ئێمە، پتر لەوەی بەرگری لەشایستەییەکانی خۆمان بکەین، پاڵپشتی لەتاوانەکانمان دەکەین.

*

مرۆڤ، بالاترە لەیاسا مرۆییەکان، ئەڵبەت تاکاتێك تووشی هەڵەیەك بێت لەپەیوەندی لەگەڵ هەمان ئەو یاسا مرۆییانەدا، ئەوکاتە ئیدی نەبالاترە لێیان و نەش کەمتر و نزمتر.

*

دەوڵەت، پێکهاتنێکە لەنێوان من و تۆدا.. من و تۆش، زۆرجار هەڵە دەکەین.

*

تـــاوان، نـــاوێکی دیکەیـــە بـــۆ نیـــاز، یـــانخود نیشانەیەکە بۆ نەخۆشین.

*

ئایا تاوانێك هەیە گەورەتر بێت لـەبینینی تـاوانی دیتران؟!

*

ئـای.. چـەندە کەمتـەر خـەمی.. حـەز دەکـەیت مرۆڤـــەکان بـــەباڵی تـــۆ بفـــڕن، کەچـــی تاقـــە (پەڕ)ێکیشـیان نادەیتـێ.. بریـا بتتوانیبـا شـتێکی خۆت ببەخشی.

*

ئەگەر کەسێك پێت پێبکـەنێ، تـۆ دەتـوانی لێـی ببوری.. بەڵام ئەگەر تۆ بەکەسـێك پێبکـەنی، ئـەوا هەرگیز ناتوانی لەخۆت ببوری.

ئەگەر کەسێك زامداری کردی،دەتـوانی زامەکـەی خـۆت سـاڕێژ بکـەیت و لـەبیری بەریتـەوە.. بـەڵام

ئەگـەر تـۆ کەسـێکت زامـدار کـرد، ئـەوا هیچـکات ناتوانی لەبیری بەریتەوە..

لەڕاسـتیدا، مرۆڤەکانیـدی، خـودی خـۆتن کـە لەقالّب و شێوازێکی دیکەدا خۆ دەنوێنن.

*

کــوژراو، بــەختی هــەبووە (بەختــەوەرە) کەنەبووەتە بکوژ.

*

جارێکیان پیاوێك هاتە سەر سفرەکەم، نانەکـەی خواردم و شەرابەکەی خواردمەوە و پـێم پێکـەنی و لێیدا ڕۆیشت..

ڕۆژێك دیتم هەمان ئەو کابرایە هاتۆتـەوە و داوای نـان و خـواردنم لێدەکات، منـیش نەمدایـە، کەچـی فریشتەکان پێم پێکەنین!

*

مەزنێتیی مرۆڤ، بەدڵی ئارام و بێدەنگیی ئەوەوە بەستراوەتەوە، نەك بەزیهنی ئاڵۆز و زۆر بڵێییەوە.

*

ناوبانگ، سێبەری تاسەمەندییە کە لەبەر هەتاودا وەستاوە.

*

ئەوان زێڕوزیو و سەروەتەکەیان بەڕووماندا دەدەن و ئێمەش دڵ و گیانی خۆمانیان بۆ دەکەینەوە، کەچی هێشتاش ئەوان خۆیان بەخاوەن ماڵ و، ئێمە بەمیوان دەزانن.. پێمبڵێن.. ئایا زێڕوزیو، لەبەرانبەر تیشکی رووناکی بەرەبەیاندا، هیچ ورشەیەکی هەیە؟!

*

حەزدەکم، بچووکترینی ئەو مرۆڤانە بم کە ئارەزووەکانیان گەورەن، حەز ناکەم گەورەترین کەس بم لەناو ئەوانەدا کە هیچ ئارەزوویەکیان نیە.

*

داوەریی تۆ لەسەر دیتران، نابێ لەڕادەی زانیاریت سەبارەت بەوان تێپەڕ بکات.. ئای.. زانیاریی تۆش سەبارەت بەمرۆڤەکان چەندە کەمە!

*

ئێمە هەموومان بەرەو لوتکەی ئارەزووەکانمان هەڵدەکشێین.. ئەگەر یەکێك لەهاوڕێکانت، شتەکانت بدزێ،ئەوا کۆڵی خۆیی قوستر کردووە.. پێویستە بەزەییت پێدا بێتەوە.. هەڵکشانەکەی ئاستەمتر دەبێت و بار و کۆڵە زیادەکەی، هەنگاوەکانی کورتتر و ڕێگاکەی درێژتر دەکاتەوە.. ئەگەر لەڕێدا بینیت کە لەژێر گوشاری کۆڵە قورسەکەیدا چەماوەتەوە و توانای ڕۆیشتنی نەماوە، یارمەتیی بدە.. ئەو یارمەتیدانە گوڕ و تینی زۆرترت پێدەبەخشێت.

*

گـوێم لەمـەوعیزەی هـیچ حاکمێـك نـەبووە بـۆ حوکمدراوەکان.

*

مرۆڤی سەرائازا کەسێکە، کـە بـە لێبـووردەیی و خۆڕاگرییەوە باری یەخسیرێك هەڵدەگرێت.

*

گــەڕان بەسروشــتدا، تاســەی شــپرزەییە بــۆ ڕێکوپێکی.

*

تەنیایی، لافاوێکی ئارام و بێدەنگە، کە چڵوپۆپـە وشکەکانی ئێمە دەشکێنێتەوە، بـەڵام ڕەگـەکانمان قـوولْتر و بـەهێزتر دەکـات و دەیانگەیەنێتـە نـاخی زیندووی زەوی.

*

ڕۆژێکیان لەگەڵ ڕووباردا باسی دەریامان دەکرد.. جۆبارەکە وایدەزانی من کابرایەکی خەیاڵاتی و زۆر بڵێم.. ڕۆژێکیش لەگەڵ دەریادا باسی جۆبارم دەکرد.. دەریا وا تێگەیشت کەمن سووکایەتی بەجۆبار دەکەم و بچوکی دەکەمەوە !

*

ئای.. چەندە چاوچنۆکە، ئەو کەسەی ستایشی جمووجوڵی مێرووڵەکان دەکات و ئاوازی جیرجیرکەرەکان لەبیر دەباتەوە.

*

زۆرجار، نرخ و بایەخە هەرەبەرچاوەکانی ئەم جیهانە، هەمان نرخ و بایەخە سووك و بێ بایەخەکانی ئەو جیهانەکەی دیکەن.

*

ئەو شتەی کە قووڵە و ئەوەش کەبەرز و بڵندە، هەردووکیان لەهێڵێکی ڕاستدا بەرەو قووڵایی

یانخود بۆ بەرزاییەکان دەکشێن.. تەنها شتی پان وپۆڕ و بەربڵاو بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە.

*

ئەگەر چەمکەکانی قورسایی و ڕێژەیی نەبوونایە، لەبەرانبەر شەوپەڕەیەکدا بەئەندازەی هەتاو، سەرمان سووڕ دەما.

*

زانایەك کە لە هێزی خەیاڵ بێبەش بێت، وەکوو ئەو گۆشت فرۆشە وایەکە چاقۆیەکەی کول بووە و تەرازووەکەشی ژەنگ گرتوویەتی.

*

کاتی تۆ گۆرانی بۆ برسییەك دەڵێیت، ئەو نەك بەگوێ بەڵکو بەسکی خۆی گوێت بۆ دەگرێ.

*

مردن، هەرئەوەندە نزیکی پیرەمێردێکە، کە بە منداڵێکی تازە لەدایکبوونزیکە.. ژیانیش هەر ئاوایە.

*

ئەگەر دەتەوێ ڕاست و ڕەوان بیت، گیانیبەگیانی بە، دەنا بێدەنگ بە، چونکە پیاوێکی دراوسێمان لەگیانەڵڵادایە.

*

زۆرجار لەوانەیە، ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمێك لای مرۆڤەکان، ڕێوڕەسمی جێژن و زەماوەند و شاییەك بێت لەلای فریشتەکان.. دەبێ بەجۆرێکیدیکەش بڕوانین.

*

ڕاستیەکی لەبیر کراو، لەوانەیە بمرێت و لەوەسیەتنامەیەکدا حەوت هەزار ڕاستی بەجێ بهێڵێ تا لەڕێوڕەسمی ناشتنەکەیدا بەکار ببرێن.

*

لە ڕاستیدا، ئێمە لەگەڵ خۆماندا دەدوێین.. بەڵام جاروبـار هێنـدە دەنـگ هەڵـدەبڕین کـە لەوانەیـە دیترانیش قسەکانمان ببیسن.

*

ئاشـکرا، ئـەو شـتەیە کەهیچـکات نابینرێـت تـا کەسێکیدەکە بێت و بەئاسانی باسی بکـات و شـیی بکاتەوە.

*

گـەر ڕێگـای شـیریی کاکێشـان لـەخودی منـدا نەبووایە، چۆن دەمتوانی ئاوا بیبینم و بیناسمەوە؟

*

ئەگـــەر فیزیکزانێـــک نـــەبم لـــەناو فیزیکزانەکانیدیکـــەدا، کـــەس بـــڕوا ناکـــات ئەستێرەناس بم.

*

لەوانەیە مەبەستی پێناسەی دەریا بۆ (سەدەف) مـــرواری بێـــت، لەوانەیـــە مەبەســـتی پێناســـەی زەمەنیش بۆ خەڵوز، ئەڵماس بێت.

*

پنچ (رێخـە)، خـۆی گوڵێکـە کـە ئـاورِ لـەناوبانگ ناداتەوە.

*

سەرووتر لەجوانی، هیچ ئایین و زانسـتێك بـوونی نیە.

*

چی مرۆڤی مەزنم ناسیبێ، شتێك لەناخیدا بووە، شـتێك کـە ئـەوی لـە شـکانەوە و شـێتی و مـەرگ دەپاراست.

*

مرۆڤی سەرازا ئەو کەسەیە کە نابێتە ئەرباب و هەرواش نابێتە کۆیلەی هیچکەس.

*

بڕوا ناکەم بەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی ساکار و ئاسایی بێت.. چونکە دەبینم کە ئەو، هەم تاوانبارەکان و هەم پێغەمبەرەکانیش دەکوژێت.

*

دانبەخۆدا گرتن، ئەشقێکە و نەخۆشی دەستی فیز و دەمارە.

*

کرمەکان، دەبنە پەپولە.. سەرم لەوە سووڕماوە، فیلەکان بۆچی تەسلیم دەبن (کەوی دەبن)؟

*

نـەبوونی هـاوڕایی لـەنێوان دوو فكـردا، لەوانەیـە هەمان ڕێگەی قەدبڕی نێوانیان بێت.

*

مـن، ئاگریشـم و داری وشـكیش.. نیـوەم، ئـەو نیوەكەیدیم دەسوتێنێ.

*

ئێمە، هەموومان تامـەزرۆ و خوازیـاری گەیشـتنە لووتكـەین.. ئایـا ڕێگاكـەمان كـورت نەدەبوویـەوە، ئەگەر، ڕابردوومان بەنەخشە و پلانـی ڕێگـا بزانیبـا نەك بە ڕێنوێن و چاوساغی ڕێ؟!

*

بلیمەتی، ئەگەر هێندە لووت بەرز بوو كـە ئیـدی نەگریا.. گەر ئەوەندە وشك بوو كە ئیدی پێنەكەنی و ئەگـەر هێنـدە دەمـارگیر بـوو كـە ئیـدی دیترانـی خۆشنەویست، ئەوە ئیدی بلیمـەتی و هەڵكەوتـەیی نییە.

*

بێدەنگیی مرۆڤی بەرچاوتەسك و چاوچنۆك، گەلێ قەڕەباڵغ و پڕدەنگ و هات و هاوارە.

*

ئەگەر خۆم لێوڕێژکەم لەو شتانە کە تۆ دەیانزانی، ئەی ئیدی چیم دەمێنێتەوە بۆ ئەو شتانەی کە نایانزانی؟

*

من، بێدەنگی لەمرۆڤی زۆر بلێوە فێر بووم، هێمنی و لەسەرخۆیی لە مرۆڤی کەم تاقەت و نائارام و، دلنەرمی و میهرەبانیش لەمرۆڤی دڵڕەق و بێ بەزەییەوە فێر بووم، کەچی سەیر لەوەدایە هیچ قەرزاری ئەو مامۆستایانەش نیم.

*

هەرکاتێ گەیشتیتە لووتکەی زانست، ئینجا خەریکی دەگەیتە سەرەتای ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنەوە.

*

مرۆڤی دەمارگیر، قسەکەرێکە وەك بەرد، هیچ نابیست.

*

زیادەڕۆیی، هەقیقەتێکە، کە تووشی لاساری و بەدڕەوشتی هاتووە.

*

ئەگەر تەنها ئەو شتانە دەبینی کە ڕووناکایی بۆتیان ئاشکرا دەکات و گەرتەنها ئەوانەش دەبیسی کە کە دەنگێك بۆت دەربڕ دەکات، ئەوا لەڕاستیدا تۆ، نە دەبینی و نەش دەبیستی!

*

دلڕەقی و پێکەنین، پێکەوە کۆناکرێتەوە.

*

خۆشەویستترین مرۆڤ لەلای من، ئەو پادشایەیەکە حکوومەت ناکات (حوکم ناکات) و ئەو

دەرۆزەکەرەیە کە دەستی نیاز بۆکەس درێژ ناکات.

*

ئەو شەرمەی کە شکست دەخوات، گەلێ بەڕێزترە لەو سەرکەوتنەی کە بێ حەیا و دەمار بەرزە.

*

هەرکوێی زەویت پێخۆشبوو، بیکێڵە.. دڵنیابە خەزێنەیەك دەدۆزیتەوە.. بەڵام دەبێ بەئیمان و بڕوای پتەوی وەرزێرێکەوە، زەوییەکە بکێڵی.

*

ڕێوییەك کە ٢٠ ڕاوچی بە ٢٠ تاژییەوە بەدوایەوە بوون، دەیگوت:" ئاشکرایە کە ئەوان دەمکوژن.. بەڵام بڕوانە چەندە گەمژە و نەزانن.. ئاخر، چ نرخ و بایەخێکی دەبێ ئەگەر ٢٠ ڕێوی سواری ٢٠ کەر بن و لەگەڵ ٢٠ گورگدا راوی مرۆڤێك بنێن؟"

*

ئــەوە زیهنـــی ئێمەیەكــە لەبەرانبـــەر یاســا و چوارچێوە دەسكردەكانی خۆماندا چۆك دادەدات و تەسلیم دەبێ.. دەنا ڕۆحی ئێمە هیچكات بە چۆكدا نایەت و دەستەمۆ نابێت.

*

ژنێـك بەهەڵچـوونەوە باسـی شـەڕێكی دەكـرد و دەیگوت:"بەڵێ ئـەو شـەڕە، شـەڕێكی پـیرۆز بـوو، كوڕەكەی من هەرلەو جەنگەدا كوژرا".

*

بـەژیانم گـوت: (حـەز دەكـەم گـوێ لەقسـەكانی مەرگ بگرم)..

ژیـان، تـۆزێ دەنگـی بـەرزتر كـردەوە و ئینجـا گـوتی: (دەی گـوێ بگـرە.. ئێسـتە، ئـەوە مەرگـە لەگەڵت دەدوێ)!

*

کاتێ سەرجەم هاوکێشەکانی ژیانت شیکار کرد، تاسەی مەرگ دەکەی.. چونکە مەرگ یەکێکە لەڕەمزە هەرە گەورەکانی ژیان.

*

لەدایکبوون و مردن، دووشێوازی دەربڕین و نواندنی ئازایەتین.

*

ئەوان پێمدەڵێن: (ئەگەر خۆتت ناسی، ئەوا هەموو مرۆڤەکانت ناسیوە)..

من پێیاندەڵێم: (ئەگەر هەموو مرۆڤەکانتان ناسی، ئەوا شتێکتان لەمەڕ خۆتان زانیوە.)

*

برادەر، من و تۆ، لەگەل ژیاندا نامۆ دەبین.. من و تۆ، لەگەڵ یەکدی نامۆ دەبین.. من و تۆ، تەنانەت لەگەڵ خودی خۆماندا نامۆ دەمێنینەوە.. مەگەر ڕۆژێك بگات کە تۆ قسە بکەیت و من گوێ

بگرم، ڕۆژێك كه دەنگی تۆ، هەمان دەنگی من بێت، ڕۆژێـك، كـه بەرانبـەری تـۆ ڕاوەسـتام، وەك بلێـی لەبەرانبەر ئاوێنەدا وەستاوم.

*

تـا خوازیـار و تامـەزرۆی زۆرتـر بیـت، تەمەنت درێژتر دەبێت.

*

بەهای ئەو کەسەی گوێ بۆ هەقیقـەت رادەگـرێ، هیچ کەمتر نیه لەوەی كه هەقیقەت دەردەبڕێ.

*

مرۆڤ، دوو بەش و دوولایـەنی هەیـە: بەشـێك كـه لەتاریکاییـدا وەسـتاوە و لایـەنێکیش كـه لەبـەر تیشکی ڕووناکاییدایە.

*

پارێزكـاری راسـتەقینە ئەوکەسـەیە كـە پشـت لـەدنیای پـرژوبڵاو دەكـات و نـوقمی نـاو یـەكێتی

دەبێـت.. هـیچ شـتێك نـاتوانێ بـیر و هۆشـی ئـاڵۆز بكـات و بیگۆڕێـت.. ئاوەهـا كەسـێك لەزەریایـەكی یەكبوون و هاوئاهەنگیدا لە مەلەدایە.

*

دەشتێكی سەوز دەكەوێتە نێوان شاعیر و زانـا.. ئەگـەر زانـا پێیـدا بـڕوات، دەبێتـە بلیمـەت و گـەر شـــاعیریش پێیـــدا تێپـــەڕ ببـــێ، ئـــەوا دەگاتـــە پێغەمبەرایەتی.

*

دوێنێ سەردانی بازاڕم كرد، هەندێ فەیلەسـووفم بینـی كـە كەللـە سـەری خۆیانیـان خسـتبووە نـاو ســـەبەتە و دەیانفرۆشـــتن، هـــەموویان پێكـــەوە هاواریان دەكـرد: (.. ئەقڵانیـەت دەفرۆشـین..هەی ئەقڵانیـــەت.)! هەژارینـــە، ئـــەوان ناچـــار بـــوون كەللەسەری خۆیـان بفرۆشـن تـا بتـوانن دڵیـان تێـر بكەن!.

*

فەیلەسووفێك بە کەناسێکی گوت: (زکم پێت دەسووتێ، ئیشەکەت سەخت و پیس و چەپەڵە)،

کەناسەکە گوتی: (سووپاستان دەکەم بفەرموون ئەی کاری ئێوە چییە؟)

فەیلەسووفەکە لەوەڵامدا گوتی: (من، کار و کرداری زیهنیی مرۆڤ شیدەکەمەوە و لەمەڕ کردار و ئارەزووەکانی مرۆڤ بابەت دەخوێنمەوە)

کەناسەکە، وەڵامی فەیلەسووفەکەی بیست، بزەیەکی هاتێ و دووبارە دەستی کردەوە بە گسکدانی شەقامەکە و لەبەرخۆیەوە گوتی: (بەخوا منیش زکم بە تۆ دەسوتێ کاکە!)

*

هیچکەس ناتوانێ سنوورێك لەنێوان پێداویستیەکان و جوانکاریەکاندا دروست بکات، تەنها پەرییەکان توانای ئەم کارەیان هەیە.. پەرییەکان، بوونەوەرێکی زانا و تێگەیشتوون..

لەوانەیــە پەرییــەکان فکــری هەڵکەوتــە و گەشــە کردووی ئێمە بن لەئاسماندا.

*

پاشــای ڕاســتەقینە ئــەو کەســەیەکە تــەختی پاشــایەتیەکەی خــۆی لــەدڵی مرۆڤێکــی هــەژاردا دەبینێتەوە.

*

دڵاوایــی واتــە بەخشــینی شــتێکی لــەڕادەی توانابەدەر.

ویقــاریش، واتــە وەرگرتنــی شــتێك لــەنیاز و پێویستی، کەمتر.

*

ئەوی ڕاستی بێت تۆ قەرزاری یەك کەس نیت، تۆ منەتباری هەمووانی.

*

هــەموو ئەوانــەی لــەڕابردوودا ژیــاون، ئێســتاش لەگــەڵ ئێمــەدا دەژیــن، دڵنیــام، ئێمــە هیچکاممان نامانــەوێ و حــەز ناکــەین میوانــدارێکی دڵ ڕەق و بێبەزەیی بین.

*

تــەنها دوو شــت هەقیقــەتیان هەیــە: جــوانی و راستی.. جوانی، لەدڵی ئەویندارانداـیە و راستیش لەشان و باڵی ئەو کەسانەدایە کە زەوی دەکێڵن.

*

ئــەوان پێمــدەڵێن: (باڵــدارێك لــەناو دەســتتدا باشترە لە دەیان باڵدار لەناو بێشەڵانێکدا)..

من پێیاندەڵێم: باڵندەیەك لە بێشــەڵان، تەنانــەت تاقــە (پــەڕ)ێکیش لــە بێشــەڵانێکدا، گــەلێ باشــترە لەدەیان باڵندەی ناو قەفەس.

*

ئەو پەرییەی کەبەدوایدا عەودالێت، هەمان ژیانە کە باڵی گرتۆتەوە.. نا.. باشترە بڵێم خودی هەناسەی ژیانە.

*

جوانی، یەخسیرم دەکات.. جوانیی زۆرتر سەرازام دەکات.

*

جوانی، لەدڵی تاسەمەندی جوانێکدا زۆرتر دەدرەوشێتەوە تا لەچاوی کەسێکدا کە تەنیا سەیری دەکات و دەیبینێ.

*

ستایشی ئەو کەسە دەکەم کە فکر و بۆچوونەکانی لەگەڵمدا دەخاتە بەرباس، شانازی بەو کەسە دەکەم کە ڕۆحی لە بەرانبەر چاوی مندا ڕووت دەکاتەوە.. بەڵام، ئەی بۆچی شەرمەزارم لەبەرانبەری کەسێکدا کە خزمەتم دەکات؟

*

جاران، خزمەتی پاشاکان نیشانەی گەورەیی بوو، بەڵام ئەمڕۆ خزمەتی هەژاران بەگەورەیی و مەزنێتی دەژمێردرێت.

*

پەرییەکان، دەزانن کە زۆربەی مرۆڤە کارا و لێهاتووەکان، نانی خۆیان لە ڕێی ئارەقەی نێو چاوی خەیاڵ پڵاوکارانەوە دەستەبەر دەکەن.

*

شعوور، زۆرجار دەمامکێکە، ئەگەر بیدڕی، لەپشتەوەی، یا بلیمەتیەکی بێدار دەردەکەوێ یانخود زیرەکییەکی ریایی و درۆیین.

*

مرۆڤە ژیرەکان، بەژیرم دەزانن و گەمژەکانیش بە گەمژەم دادەنێن.. پێموایە هەردوو لایان راست بن، چونکە بێگومان هەرکەس بەچاوی خۆی من دەبینێ.

*

هەرتـەنیا ئـەو کەسـانە لـە نهێنیـەکانی دڵـی مـن تێدەگەن، کە خۆیان نهێنیەکیان لەدڵدا بێت.

*

بـەڵێ.. نیروانایـەك بـوونی هەیـە.. نیروانـا واتـە مۆڵدانی مەڕەکانت لەمۆڵگە و لەوەرگەیـەکی سـەوز و ئـــاوەدان.. واتـــە خەوانـــدنی کۆرپەلەکـــەت و هۆنینەوەی دوایین دێڕی شیعرەکانت.

*

ئـەو کەسـەی کـە لەخۆشـیەکانی تـۆدا بەشـدار دەبێـت، کەچـی لەناخۆشـیەکانت هەڵـدێ، یـەکێك لەحەوت کلیلی دەرکەکانی بەهەشت وون دەکات.

*

ئێمـە، شـادی و ناشـادییەکانی خۆمـان، پێش تەجروبەکردنیان هەڵدەبژێرین.

*

خەم، دیوارێکە و دەکەوێتە نێوان دوو باخەوە.

*

کاتێ شادی یا پەژارەکەت گەورە و گشتگیر بوو، ئەوا جیهان لەبەر چاوت بێڕەنگ دەبێتەوە.

*

خواست و ئارەزوو، نیوەی ژیانە و دڵمردوویی و خەمساردی و بێ موبالاتیش، نیوەی مەرگە.

*

تاڵترین بەشی پەژارەی ئەمڕۆمان، هەمان وەبیرهێنانەوەی دڵخۆشیەکانی دوێنێمانە.

*

ئەوان پێمدەڵێن: (دەبێ لەنێوان چێژەکانی ئەم جیهانە و ئارامشی ئەو جیهانەدا، یەکێکیان هەڵبژێری)،

منیش پێیاندەڵێم: (من، خۆشیەکانی ئەم جیهانە و ئارامشی ئەو جیهانەش، هەردووکیم پێکەوە هەڵبژاردووە.. چونکە یەزدان، کە شاعیرێکی

شـــیرین کەلامـــە، تـــەنها یـــەك پارچـــە شـــیعری هۆنیوەتـــەوە.. شـــیعرێك، کـــە ئـــەم جیهانـــە و ئـــەو دونیایەی دیکەش دەبنە دێڕەکانی.

*

ئیمان، گوندێکی بچوکە لـەقولایی دەروونـدا، کـە هیچکات کاروانی هزری ناگاتیّ.

*

کـاتیّ گەیشـتیتە لووتکـەی کـاملّبوون، ئـارەزوو دەخوازیـت، بـەڵام تـەنها بـۆ ئـارەزوو.. برسـیت دەبێت، بەڵام تەنها بۆ برسییەتی.. تینـوو دەبـی، بەڵام تەنها بۆ تینوێتی.

*

تـۆ، کەنهێنیەکـەت بـۆ (بـا) دەگێڕیتـەوە، ئیـدی بۆچـی گلـەیی لـە (بـا) دەکـەی لەسـەر ئـەوەی نهێنیەکانتی لەلای درەختەکان درکاندووە.

*

گوڵە بەهارییەکان، هەمان خەونەکانی زستانن کەدەکەونە سەر سفرە و خوانی فریشتەکان.

*

ژووشکێکی بۆگەن بە گوڵێکی سووری گوت: (سەیرم کە چەندە جوان دەڕۆم.. تۆ، نەدەتوانی هەنگاو بنێیت و نەش دەتوانی بەسەر زەویدا بخشێی.)

سوورەگوڵەکە پێی گوت: (ئا..ی، ئەی غاردەری گورج و گۆڵ، تکایە هەرچی زووتر لێرە دوور بکەوەرەوە.)!

*

بەغیل، بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت، ستایشی من دەکات.

*

کیسـەڵەکان، پـتر و باشـتر لـە کەروێشـکەکان شارەزای ڕێگەن.

*

زۆر سـەیرە.. بـێ بڕبڕەکـان، سـەخت تـرین و پتەوترین قاوغیان هەیە.

*

زۆربلێییەکان هـۆش و بیریـان لـە هـەموان کزتـر و کـەمترە، هـیچ جیاوازییـەك نیـە لـەنێوان مرۆڤێکـی زۆربلێ و مرۆڤێکی دەڵاڵدا.

*

چاوبەست (تەڕدەست)، تەنها ئەو کاتە سـەرنجی مـن ڕادەکێشـێت، کـە نـاتوانێ تۆپـەکانی بـە ئاسمانەوە بگرێتەوە و لەدەستی بەردەبنەوە.

*

شـوکری خـوا بکـە، کـە ناچـارنیت بـە ناوبـانگی باوکت یا سامانی مامتەوە بژیت..

شـوکری خـوا بکـە، کـە هیچـکەس ناچـار نیـە بەناوبانگ و سامانی تۆوە بژی.. ژیانێك کە بـەهۆی ناوبـانگ و سـەروەت و سـامانی دیترانـەوە بێـت، بەزەبوونی تێپەڕ دەبێت.

*

باوك و دایکم کوڕێکیان دەویست، بوونە خاوەنی کوڕێـك.. مـن دەمویسـت بـاوك و دایکـێکم هـەبێت، بەدەریا و بەشەوەوە ئاوس بووم.

*

تۆ، خەونی دایکت بووی، ئـەو لەخـەو ڕاچـەنی و تۆی هێنایە دنیا.. مرۆڤایەتی، لەخەونەکانی دایکی تۆدا شاردراوەتەوە.

*

هەندێ لەمنداڵـەکانی ئێمـە، هـۆی دڵخۆشـیمانن، هەندێکیشـــیان دەبنـــە هـــۆی حەســـرەت و پەشیمانیمان.

*

ئـەو کێـوەی کـە لـەژێر تـەم ومـژدا نووسـتووە، تەپۆڵکە نیە.. ئـەو داربەڕوویـەی کـە لـەژێر بارانـدا وەستاوە، (دارە بی)یەکی گریاو نیە.

*

کاتێ شەو دادێـت و تـۆش داگـیراو و دڵتـەنگیت، لەجێگاکەتدا ڕاکشێ و تـۆش وەك ئـەو تاریـك بـە.. کـاتێکیش بـەیان هەڵـدێت بـەڵام تـۆ هێشـتا هـەر دڵتەنگیت، هەستەوە و بەڕۆژ بڵێ: (من هێشتا هـەر تاریك و داگیراوم).. ڕۆل گێڕان لەبەرانبەری شـەو و ڕۆژدا گەمژانەیـــە، ئـــەوان هـــەردوکیان بـــەجارێك پێکەوە پێت پێدەکەنن.

*

سەیری ناكۆكی و ناتەبایی و دژبەری بكە، قـوولْ و بلْند پێك نزیكترن لە ناونج بەهەردووكیان.

*

ئــــەو كاتــــەی وەكــــوو ئاوێنەیــــەكی ڕۆشــــن لەبەرامبەرتدا وەستام، تـۆ سـەیری ناخمـت كـرد و وێنــــەی خــــۆت بینیــــەوە.. ئینجــــا گوتــــت: (خۆشمـدەوێی).. بـەڵام لەڕاسـتیدا تـۆ ئەشـق و خۆشەویستیت، بۆ خۆت دەردەبڕی.

*

كــاتێ تــەنیا بۆچــێژی خــۆت هاوســێیەكەت خۆشــدەوێ، ئیــدی ئــەو ئەشــقەت، فەزیلــەت و مەزنێتی نییە.

*

ئەو ئەشقەی كە هەردەم نـەقوڵێت و نەجۆشـێت، سەرەنجام دەمرێت.

*

ناتوانی هاوكات گەنج بیت و لەمەڕ گەنجێتیەكەی خۆشت وشیار و بەئاگا بیت، چونكە گەنجێتی زۆرتر سەرقاڵی ژیانە تا وشیاری، وشیاریش زۆرتر سەرقاڵی خۆیەتی تا ژیان.

*

هەموو سەدەیەك جارێك، عیسای ناسری، لەباخێكی نزیك كێوەكانی لوبناندا چاوی بەعیسای مەسیحییەت دەكەوێ، ئەوان، ماوەیەكی دوورودرێژ پێكەوە قسە دەكەن و هەموو جارێكیش، عیسای ناسری بە عیسای مەسیحییەت دەڵێ:"من و تۆ، هیچكات پێك نایەین!".

*

دەكرێ لەبەر پەنجەرەی ژوورەكەتدا دابنیشیت و سەیری ڕێبوار و پیاسەكەران بكەی.. دەكرێ سەیری راهیبەیەك بكەیت لەلای ڕاستەوە دێت و سۆزانیەكیش ببینی كە لەلای چەپەوە دێت..

دەشکرێ بەسادەیی لەبەر خۆتەوە بڵێیت: (بڕوانە، ئەو ڕاهیبە چەندە نەجیبە و ئەو سۆزانیەش چەندە نانەجیب).. بەڵام گەر چاوت بقووجێنیت و باش گوێ بگری، دەنگێک دەبیستی کەبە ورتەوە دەڵێت: ( لەو دووانە، یەکێک لە نوێژدا بەدوای مندا دەگەڕێت و یەکێکیش لەدەرد و ڕەنج و مەینەتدا.. منیش لەڕۆحی هەردووکیاندا، سێبەرێک بۆ ڕۆحی خۆم دەدۆزمەوە.

*

خوا، کاسەی چاوی بەرچاو برسییەکان پڕ بکات.

*

مرۆڤی مەزن، دوو دڵی هەیە.. یەکێکیان خوێن دەڕێژێت و ئەویدیش، لێدەبووڕێت.

*

ئەگەر هاتوو یەکێك درۆیەکی کرد کە نە بۆ تۆ و نە بۆ دیترانیش زیانی تێدا نەبوو، باشترە لەباتی

تووڕە بوون، لەدڵی خۆتدا بڵێی: ماڵی ڕاستی لای ئەو بچووکە و جێی خەونە گەورەکانی تێدا نابێتەوە، بۆیە ناچارە بەجێی بهێڵێت و بگەڕێ بەدوای ماڵێکی گەورەتردا.)

*

لەپشتی هەر دەرگایەکی داخراودا، نهێنییەك حەشار دراوە کە حەوت جار کلیل دراوە.

*

چاوەڕوانی، سمی ئەسپی زەمەنە.

*

چی دەبێ ئەگەر وای دانێی، کێشە، پەنجەرەیەکی نوێیە لەدیواری رووەو ڕۆژهەڵاتی ژوورەکەتدا؟.

*

خواوەند، لەتینوێتیە مەزنەکەی خۆیدا، من و تـۆ دەنۆشێ کە فرمێسك و شەونمێکین.

*

لەوانەیــە ئــەو کەســە لەبیرکــەیت کەلەگــەڵی پێکەنیوی، بەڵام هەرگیز ئەو کەسە لەیاد ناکەی کە لەگەڵی گریاوی.

*

دەبێ شتێکی پیرۆز و پاکژ لە (خوێ)دا هەبێت.. چوونکە خوێ، هەم لەفرمێسکەکانی ئێمەدا هەیە و هەمیش لەئاوی دەریادا.

*

تۆ، هیچ نیت جگە لەبەشـێك لـەخودێتیی مـەزنی خۆت.. دەمێك، کەنان دەخوات.. دەستێکی کـوێر، کەجامێکی ئاوی بۆ دوو لێوی تینوو گرتووە.

*

گەر تۆزێك لەخۆت و ڕەگەز و وڵاتەكەت سەرووتر بچی، ئەوا دەگەیتە یەزدان.

*

گــەر مــن لــەجێی تۆبــام، هــیچ لــە ڕۆچــوونە خوارەوەی ئاوی دەریا دڵتەنگ نەدەبووم..
گەمییەكـــــە هـــــیچ كەمووكوڕییـــــەكی نیـــــە، كەشتیوانەكەشمان كارا و لێهاتووە، ئەوە زكی تۆیە بای كردووە.

*

ئـەو شـتەی كـە خۆشماندەوێت و پێـی ناگـەین، بەلامانەوە لەهەموو ئەو شـتانە خۆشەویسـتترە كـە لەلامانن.

*

گــەر ســواری هــەورێك بوایــەیت، ئــەوا هــەرگیز ســنووری نێــوان دوو وڵاتــت نــەدەبینی، ســنووری نێـوان دوو كێڵگـەش هـەر نـەدەبینرا.. مخـابن، كـە ناتوانی سواری هەور ببی.

*

ئەگەر دەستی بەتاڵم بەرەو خەڵك ڕابكێشم و ئەوان هیچم نەدەنێ، ئەوە نیشانەی کەساسی و توانەوەمە.. ئەگەریش دەستی پڕم بۆلای خەڵك درێژ بکەم بەڵام کەسێك نەبێ شتێکم لێ وەربگرێت، ئەوە دەبێتە هۆی نائومێدیم.

*

هەموو پەژارەکانم کۆکردنەوە و لەوەرزی پاییزدا لەباخچەی ماڵەکەمدا ناشتنم.. بەهار هات و زەوی بووژایەوە و گوڵی وا لەباخچەکەمدا ڕووان، کە لە هەرچی گوڵی دنیایە جوانتر بوون.. هاوسێکانم هاتنە سەیری گوڵە جوانەکان و پێیان گوتم: (دەکرێ پیاوەتیمان لەگەڵ بکەیت و پاییزی دادێ، تۆزێ لە تۆوی ئەم گوڵانەمان بۆ بگریت تا ئێمەش لە باخچەکانمان بیانچێنین؟)!

*

هونەر، هەنگاوێکە لەسروشتەوە بەرەو جیهانێکی بێ کۆتایی.

*

من، خوازیاری جاویدانیم.. چونکە هەر لەژیانی هەتایی و نەمریدایە کە دەتوانم شیعرە نەنوسراوەکانم بخوێنمەوە و سەیری تابلۆ نەکێشراوەکانی خۆم بکەن.

*

تابلۆیەکی هونەری، تەمێکە کە وەکوو وێنەیەکی کێشراوی لێهاتبێت.

*

تەنانەت ئەو دەستانەش تاجی دڕکاوی دەنێنە سەر سەری مەسیح، لەو دەستانە باشترن کە هیچ کارێك ناکەن.

*

پیرۆزتـرین فرمێسـکەکانمان، هیچـکات ڕێگـەیان ناکەوێتە بەرچاومان.

*

هـەموو مرۆوڤێـك، بەشـێکە لەهەرهـەموو پاشـا و هەرهەموو دیلەکانی جیهان.

*

ئەگـــەر بـــاپیری مەســـیح دەیزانـــی کـــە چـــی لەپشـــتەوەی شـــاردراوەتەوە، ئایـــا تووشـــی سەرسوڕمانێکی گەورە نەدەبوو؟.

*

ئـەوەی کـە بـەزمان دەرم نـەبڕیوە، لـەکردار و بەکردەوە دەیلێم.

*

ئایـا خۆشەویسـتیی مریـەم بـۆ مەسـیح، لـە خۆشەویستی دایکی یەهوودا زۆرتر بوو؟.

*

مەسیح، سێ موعجیزەی هەبوون کە لە کتێبدا نەنوسراون:

یەکەم، ئەویش مرۆڤێك بووە هەروەکوو من و تۆ..

دووەم، ئەو مرۆڤێکی ڕووخۆش و قسەخۆش بووە..

سێیەم، ئەو خۆی دەیزانی کە شکست خواردوویەکی سەرکەوتووە.

*

بە فرمێسکەکانم، شوشەی شکاوی دڵی خەڵك پێکەوە دەلکێنمەوە و بەخەندەکانیشم خۆشحاڵیان دەکەم.

*

ئەی مەسیحی لە خاچدراو، تۆیان لەدڵی مندا لەخاچ داوە، ئەو بزمارانەی کە ڕۆچوونەتە ناو دەستەکانی تۆ، دیواری دڵی منیان کون کردووە..

سبەی ڕۆژ، کاتێ غەریبەیەك بەلای (جۆلجۆتا)دا تێپەڕ دەبێ، سەرنجی ئەوە نادات کە لەوێدا دوو خوێن ڕژاونەتە سەر زەوی: خوێنی دڵی من و خوێنی دەستە نازدارەکانی تۆ.

*

کە شەودادێ، گوڵەکان، گوڵپەڕەکانیان یەکەیەکە دادەخەن و لەئامێزی ئەشقدا دەنوون.. کە سپێدەش هەڵدێ، چاو دەکەنەوە، پێدەکەنن و هەتاو ماچ دەکەن.

*

ڕەنگە ناوی کێوی پیرۆزت بیستبێت..

کێوی پیرۆز بەرزترین کێوی جیهانە.. ئەگەر بگەیتە لووتکەکەی، هیچ ئارەزوویەکت نامێنێ.. هەر تەنها ئارەزووی ئەوە دەکەی بگەڕێیتەوە ناو شیو و دۆڵەکان و تێکەڵی دانیشتوەکانیان ببیەوە.. هەر بۆیەشە ناویان لێناوە کێوی پیرۆز.

*

هـەروەکوو هـەنگی نـاو بـەهاران بـن.. تەمـەنی خۆتـان بـە تێڕامـان لـە کـردەوەی هـەڵۆ بـەفێرۆ مەدەن.. هـەروەکوو منداڵـەکان بـن: دڵسـاف و بـێ خەوش و دەم بەپێکەنین.

*

حەوت سەدە لەمەو پـێش، حـەوت کـۆتری سـپی لەشـــیوێکی قووڵـــەوە باڵیـــان گرتـــەوە بـــەرەو لوتکەیەکی بەرزی پڕ لەبەفر..

حـــەوت پیـاویش چـاویان بڕیبـووە کۆترەکـان، یـەکێکیان گـوتی: (مـن پەڵەیـەکی ڕەش بـە بـاڵی کۆتری حەوتەمەوە دەبینم).. ئەمڕۆکە، خەڵکی ئەو شـــیوە قووڵـــە باســـی حـــەوت کـــۆتری ڕەش دەگێڕنەوەکە ڕۆژێ لەڕۆژان، لەوێوە بەرەو لوتکەی بەفرگرتووی ئەو کێوە بەرزە لەشەقەی باڵیاندا.

*

بـۆ پێشـەوە.. وەسـتان و مـاتڵبوون هـیچ ڕەوا نیـە.. بـەرەو پێشەوەچـوون، هـەمان کامڵبوونـە، لەبەرد و دڕکی ڕێگا مەترسن.

*

ئێـوە هەنـدێکتان، جیهـان لەچـاوی یەزدانـەوە دەبیـنن و نهێنیـەکانی ژیـانیش پـاش مـردن لـەڕێی هزری مرۆییەوە تێدەگەن.. بەڵام باشتر وایە بڕۆنـە نـاو دەرودەشـت و سـەیری هـەنگ بکـەن چـۆن بەدەوری گوڵێکی جوانـدا دەسووڕێتەوە و شـیلەی لێدەمژێت..بڕوانن چۆن هەڵۆ بەئاسماندا دەفڕێت و دادەبەزێتە سەر نێچیرەکەی.

*

مرۆڤێکی ژیر، گەر لـەڕووی زانیـاری و ئاگاییـەوە داوەری نەکات، وەکوو ئـەو پێشـمەرگەیە وایـە کـە بەبێ چەك و تەقەمەنی چووبێتە شەڕ.

*

کاتێ ئەقڵ لەگەڵت دەدوێ، گوێی بۆ ڕادێرە، رزگارت دەبێت.. فێری هونەری ژیری ببە، هەمیشە تەیار و پڕ چەك دەبی.. چوونکە یەزدان، رێنوێنێکی لەئەقڵ باشتر و هاوڕێیەکی لە ئەقڵ پاکتر و چەکێکی لە مەرگ بەهێزتری بۆ نەناردوویت.

*

ئەو چرایەی بەدەستتەوەیە، هی تۆ نییە.. ئەو گۆرانیەی کە دەیلێیی، هی دڵی تۆ نییە، چونکە تەنانەت گەر چراکەشت بەدەستەوەیە، تۆ خۆت خودی چرایەکە نیت و گەر تەنانەت خودی سازیش بیت، ئەوا ساز ژەن نیت.

*

رۆحم ئامۆژگاریی کردم و گوتی: (نە بەپیاهەڵدانی ستایشکاران دڵخۆش بە و نەش لەسەرزەنشتی لۆمەکاران خەمبار.)

*

درەختـــەکان، لەبــەرهاردا جلــی گــەڵا وچــرۆ لــە بەردەکەن و بــەبێ ئــەوەی گـوێ بــەهیچ ستایشـێك بدەن، هاوینــان بەرهــەم و ســەمەر دەدەن، ئــەوان، لــەوەرزی پــاییزدا گــەڵاکانیان دەوەرێــنن و بــەبێ گوێدانە هیچ لۆمە و سەرزەنشـتێك، زسـتانان ڕووت دەبنەوە.

*

بیابـان، بـۆ مـن وەکـوو پەیژەیەکـە و بەهۆیــەوە بەرەو ئاسمان دەڕۆم.

*

ئێســتە ئیــدی لــەوە تێگەیشــتووم، کــە زەمــەنی کــورتی هـــەر ئێســتاکە، ســـەرجەم زەمەنـــەکانی تێدایە.. هەرلەم کاتــە کورتــەی ئێســتادا، ســەرجەم شتە خوازراوەکانی زەمان لەبەر دەستی تۆدان.

*

ڕۆحم، قسەی بۆ کردم و ڕایهێنام، هەر کاتێك ئەو نەناســـراوە بـــانگم بکـــات بـــۆ ڕێگـــە ئـــاڵۆز و پڕمەترسییەکان، بڵێم (ئامـادەم)!.. پـێش ئـەوەی کە ڕۆحم فێـری ئـەم ئامادەگییـەم بکـات، جگـە لـە بانگی جاڕچییەکان، گوێم بۆ هیچ بـانگ و دەنگێـك ڕانەگرتووە و بیرم لە هیچ شتێکیدی، جگـە لـەناز و بەختەوەری نەکردۆتەوە.

*

پەنجـەکانم بوونەتـە جـۆرە تـەمێك کـە دەتـوانن بڕۆنە ناو هـەر هـەموو شـتە بینراوەکـانی جیهـان و تێکەڵی سەرجەم شتە نەبینراوەکانیش بـن، نووکـە دەتوانم بۆنی خۆشی هەموو شتێك ببیستم و دڵم بە سەرجەم ئەو بۆنە خۆشانە بۆنخۆش بکەم.

*

ڕاشکاوانە دەیڵێم و بە وتەکانیشم دڵشـادم: بـیرو هزرەکانی ئێوە لـە شـوێنێکیدی، لـەدەرەوەی ئـەم

جیهانە بینراو و هەست پێکراوەدان.. ئەوکەسەی ڕووناکایی خۆشدەوێ، هەمانا دەبێتە دڵداری ڕووناکی.

*

ئەو ڕۆحەی کە ئێمە هەموومان لێی بەهرەمەندین، مەشخەڵێکی گڕە کە کڵپە دەسێنێت، پووش و پەڵاش دەسووتێنێت و سیمای پیرۆزی خواوەند و سیمبولەکانی جوانی و چاکە ڕووناك دەکاتەوە، مەشخەڵی ڕۆح لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ لافاوی ڕووداوەکاندا ڕۆشنتر و بەکڵپەتر دەبێت.

*

زانایی، چرایەکە، ژیان ڕۆشن و گەرم دەکاتەوە، هەمووان، لەم چرایەدا بەش و بەهرەیەکیان هەیە.

*

ژیـــان، ئـــەو شـــتەیە کـــە لەبـــەرزایی ڕۆحـــەوە دەیبینین.

*

من ئێوەم خۆشدەوێن.. ئـەی خوشـك و برایـانم، هەرکـــەس هـــەن و هەرچـــی هـــەن، بـــبن.. مـــن، خۆشمدەوێن.

*

ئێمــە، هــەمووممان کوڕوکچــی ڕۆحــی پیرۆزیــن.. ئێمــە، یەکســان و بەرامبــەرین و هــەمووممان لــە ئـاو وگڵێك دروست کراوین.

*

ئەو کەسەی کە تێت دەگات لەبرا نـزیکترە لێـت، چـــونکە هەنـــدێجار دەبینـــی، تەنانـــەت نـــزیکترین ئەندامی خێزانەکەشت لێت ناگات و نرخت نازانێ.

*

ڕواڵـەتی ئێمـە.. قسـەکانمان.. کردەوەکانمـان، هیچکاتێك لەخودی خۆمـان گـەورەتر نـین، چـونکە ڕۆح مـاڵی ئێمەیـە، چـاوەکانمان پەنجـەرەی ئـەم ماڵەن و قسەکانیشمان پۆستەچین.

*

فام و ئاوەز، هاوڕێی بـەوەفای ژیـانن و هیچـکات فریـوت نـادەن و چەواشـەت ناکـەن.. ئـاوەز تـاجی سەرتە و فامیش گۆچـانی دەسـتت.. کاتـێ کەئـەم دووانـــەت هـــەبن، ئـــەوا دەســـتت بەســـەرجەم خەزێنەکانی جیهان ڕاگەیشتووە.

*

تەنهایی، کۆڵانێکە، کۆتاییەکەی دەگاتە خەم.

*

هـەکارێك کـە مـرۆڤ بـەدزی و لـەتاریکایی شـەودا ئـەنجامی دەدات، لـە ڕۆشـنایی ڕۆژدا لەبـەر هـەتاو دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێ.

*

نهێنییەکانی هەرهەموو خورماکانی جیهان هەر لەسەرەتای خیلقەتەوە تا ئێستا، هەر هەموویان لە دڵی پێشەی یەك تاکە خورمای گەییودان.

*

ڕۆح، هەرگیز نامرێت، بەڵکوو هەمیشە و هەردەم گەشە دەکات و بەرزتر دەبێتەوە.

*

دەریا و تەم و شەونم هەریەکن.. تا ئێستە چەند گوڵت بینیون کە لە بۆنی خۆش بێبەش بن؟.

*

هەقێقەت، خۆشەویستییەکی پەنهانە کە ئێمە فێر دەکات: چۆن ڕۆژەکانمان بە شادمانی بەسەر بەرین و چۆنیش ئەو شادی و خۆشییەمان لەگەڵ دیتراندا دابەش بکەین.

*

هەرچی هەیەونیە، بینراو و نەبینراو، هەرهەمووی یەزدانیە و هیچیدی.

*

قەناعەت بەو شتە مەکە کاتییە و پاش ماوەیەك دەمرێت.. ئەو کەسەی کەبە گۆزەیەکی بەتاڵ سەرچاوەی ژیان دەنۆشێت، ئەوا بە دوو گۆزەی پڕەوە ژیان بەجێدێڵێ.

*

مرۆڤ، ئێستا ئیدی دەزانێ کە بەردی بناغەی خیلقەتە.. ئەو، ئێستە ئیدی لەبچوکی و هیچییەت تێپەڕیوە و پەردەی لەسەر چاوەکانی رۆحی خۆی لاداوەتەوە.. ڕۆحی مرۆڤ، ئێستا ئیدی دەتوانێ ئەو نوسراوە بخوێنێتەوە کە هەورەکان بەسەر لاپەڕەی شینی ئاسمانەوە دەینووسن و دەتوانێ لەوە تێبگات کە شنە بەسەر ئاوەوە نەخشی دەکات.. ئێستا دەبینم کە مرۆڤ، ئیدی بۆتە دۆست و هاوڕێی سەرجەم بوونەوەرەکانیتر.

بـــا.. زەوی، چـــیی داومـــەتێ هـــەر هـــەموویم لێ بسێنێتەوە.. من، مرۆڤ، هیچ کۆتاییەکم نیە.

*

زەوی، وەکوو بـووکێکی جـوان و ڕازاوەیـە، ئـەم بووکە، بۆپتر ڕازاندنەوەی خۆی، هیچ پێویستیەکی بە زێڕ وجوانکاریی داهێنراوی دەستی مرۆڤ نییە..

زەوی، بەسـەوزایی دەشـتەکانەوە، لمـی لووسـی لێواری دەریاکانەوە، تاش و بەردەکان و خەرەندی بە شکۆی کێوەکانەوە جوان و ڕازاوە و دڵگیرە.

*

ڕۆحـم، شـەرابێکی ڕۆحـانیی ڕژانـدە ناخمـەوە.. نووکە، پێکـی مـن، هـەمان شـەوق و تاسـەی منـە، شـەرابم، ئـەو خۆشەویسـتیەیە کـە لـەناو دڵمدایـە، سەرخۆشـییەکەم، هـەمان تەنیاییمـە.. مـن، لـەم تینوێتیـــە هەمیشـــەییەمدا، شـــادمانیی جاویـــدانم دۆزیوەتەوە.